پەرلەمانتارێکی عێراق:سەرجەم لایەنەکان لە هەوڵدان بۆ زوترین کات وادەیەک بۆ دانیشتنی تایبەت بە هەڵبژاردنی سەرکی پەرلەمانی عێراق ڕابگەیەنن

پەرلەمانتارێکی عێراق ڕایگەیاند، سەرجەم لایەنەکان لە هەوڵدان بۆ زوترین کات وادەیەک بۆ دانیشتنی تایبەت بە هەڵبژاردنی سەرکی پەرلەمانی عێراق ڕابگەیەنن، لە ئێستاشدا ڕێککەوتنێک هەیە بۆ ئەوەی ئەو پۆستە بدرێت بە سالم عیساوی، چونکە ئەو کەسایەتییە لە هەمو فراکسیۆنەکان نزیکە و هیچ لایەنێک تێبینی لەسەر نییە.

موختار موسەوی ئەندامی فراکسیۆنی فەتح لە پەرلەمانی عێراق بە میدیا عێراقییەکانی ڕاگەیاند، گفتوگۆیەک لە نێوان ژمارەیەک لایەنە سیاسییەکان هەیە بۆ دیاریکردنی وادەیەک بۆ دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق تایبەت بە هەڵبژاردنی سەرکی پەرلەمان.

موختار موسەوی ئاماژەی بەوەشکرد، زۆربەی فراکسیۆنەکان پشتیوانی لە سالم عیساوی دەکەن بە وەرگرتنی پۆستەکە، پێشنیشی دەکرێت هیچ ڕەخنە و تێبینییەک لەسەر هەڵبژاردنی ئەو کەسایەتییە نەبێت، چونکە سالم عیساوی لە هەمو فراکسیۆنەکان نزیکە.